# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەیەک لە د. عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد، ناسراو بە د. عەبدوڵڵا حەدداد (١)، بۆ ئازاد عەبدولواحید.**

Montpellier - FRANCE

١٩٨٨/٢/١٥

بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ برای هێژا و زێدە خۆشەویست کاک ئازاد

ڕۆژ باش

سەلامێکی برایانەت پێشکەش دەکەم، هەواڵت دەپرسم، سەرکەوتنت لە ژیانا ئاواتمە.

نامەی ڕۆژی ٨٨/١/٢٥ (١٩) (٢)، سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٠ گەیشت، گەشاندمییەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، دەمێک بوو چاوەڕێـ(ی) نامەت بووم. کاتی خۆی نامەیەک(ە)م بۆ کاک حەمەئەمینی پێنجوێنی (٣) ڕەوانە کرد، تیایدا لە هەواڵی تۆم پرسیبوو، داواشم لێ کردبوو کە پێت بڵێ نامەم بۆ بنووسیت، چونکە ئەدرێسی تەواوی تۆم لانەبوو، جا هەقی خۆتە ئەگەر گلەییش بکەیت، دیارە کاک حەمەئەمین-ت نەبینیوە.. پێویست ناکا ئەوە بڵێم، کە تۆ هەمیشە جێگە و شوێنێکی تایبەتیت لای من هەیە.. بەداخەوە، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا، هەرچەندیش چوارجار سەرم لە وڵات داوە، بۆمان نەڕەخسا یەکتر ببینین (٤).

کاکە..

هەرچەندیش دەمێکە لە یەک دابڕاوین، بەڵام منیش لە ئاستی خۆمەوە گەلێک نووسینی جوانی تۆم خوێندۆتەوە (٥)، هەروا چاویشم بە کتێبی (شێخ نووریی شێخ ساڵح) (٦) کەوتووە، لەو بڕوایەشدام کە نوسخەی من لای خۆت پارێزراوە، جا لە بیرت نەچێ هەر کە گەڕامەوە پێشکەشم بکەیت (٧).

د. مارف خەزنەدار (٨) بەبۆنەی پشووی نیوەی ساڵ، سەری لە فەرەنسا دا، ئەم جارەیان تەنیا دوو شەو لام میوان بوو، چونکە ماوەکەی کەم بوو، پێرار لە پاریس هاتە لام و دوو مانگ مایەوە.. لە هاوینی ئەم ساڵیش بە یەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ عێراقی خۆشەویست (٩).

من پاش مانگێک - ان شاء الله - بە یەکجاری دەگەڕێمەوە، جا لەوێ بەوردی لەبارەی پرۆژە ئەدەبییەکانت دەدوێین، چونکە ئێستا سەرم قاڵە و خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆ بەرگریکردن لە کارنامەی دوکتۆراکەم (١٠) لە زانکۆی ((سۆربۆن))، هەروا خەریکم خۆ کۆدەکەمەوە بۆ گەڕانەوە بۆ

عێـراق.

دووبـاره سـەلامم هەیـە، ڕێـز و حورمەتمـان بـۆ ماڵـەوە هەیـە، چـاوی وردیلـە (کان) (١١) مـاچ دەکـەم.. بـە سـەرفرازی بژیـن..

**ئیمزا**

**برات: عەبدوڵڵا**


**١٩٨٨/٢/١٥**

Mre. Abdullah Mohammed AHMED
53 FG. DT. Jaumes Bat. B
3400 Montpellier – FRANCE

**فرنسا/ مونتپلیە**


**پەراوێزەکان:**

(١) د. عەبدوڵـڵا محەمـەد ئەحمـەد، کـە بە عەبدوڵڵا حـەدداد ناسـراوە، لـە نیوەی یەکەمـی سـاڵانی حەفتا ناسـیم. ئـەم نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و توێـژەرە،


بسم الله الرحمن الرحيم
Montpellier - FRANCE
١٩٨٨/٢/١٠
برات: عبدالله
١٩٨٨/٢/١٠
MR. Abdullah Mohammed AHMED
53 FG. ST. Jaumes Bat. B
34000 Montpellier - FRANCE

لـە خانەوادەیەکـی بەناوبانگـی شـاری هەولێـرە، لەنـاو بـازاڕی قەیسـەری هەولێـر، باپیـری مزگەوتـی هەبـوو، زۆرجـار بـە پیاسـە دەچووینـە ئـەو مزگەوتـەوە، زۆر دڵـی پێـی دەکرایـەوە، لەناو بـازاڕ زۆربەی هـەرە زۆری خەڵکەکـەی دەناسـی و چـاک و چۆنـی لەگەڵ دەکردن، ئەوانـەی لەمزگەوتەکـەش بـوون هەموویانی دەناسـی و یارمەتـی دەدان. لـە یەکـەم یەکتـر بینیـن و ناسـیندا، دیـار بـوو هەوڵـە سـەرەتاییەکانی منـی خوێندبـووەوە، زۆر ڕێـزی گرتـم و زۆر بـە گەرموگـوڕی لێم هاتە پێش. تـا لـە هەولێـر بـووم، زوو زوو یەکترمـان دەبینـی. کەسـێک بـوو زیاتـر بـە زمانـی عەرەبـی دەینووسـی، ئەوانـە چەنـد کەسـێک بـوون پتـر بـە عەرەبینـووس ناسـرابوون، ئەوانیـش: عەبدولغەنـی عەلـی یەحیـا، سـامی فەتـاح شـۆڕش، سـەیفەددین مەحمـوود، نـزار جەرجیـس عەلـی، د. موحسـین محەمـەد حوسـێن، پیربـاڵ مەحمـوود و عەبدوڵـڵا حـەدداد و کەسـانی دی بـوون. یەکـەم نامیلکـەی خـۆی بەنـاوی (لعنـة الآلهات الأربعـة)، لـە سـاڵی ١٩٧٣ چاپ کـرد، لـە سـەرەتای یەکترناسـینمانەوە، هـەر زوو دانەیەکـی لەو چاپکراوەی خـۆی پێشـکەش کـردم. کـە یەکدیمـان دەدی گفتوگـۆ و قسـە و باسـمان زیاتـر لـە بارنـەی ئەدەبیـات و مێـژوو و نووسـین دەخولایـەوە. د. عەبدوڵـڵا حـەدداد، لـە سـاڵی ١٩٤٦، لـە قـەڵای هەولێـر، گەڕەکـی سـەرای لـە دایـک بـووە، قۆناغـی سـەرەتایی، لـە قوتابخانـەی موزەفەرییـە و سـانەوی (ناوەنـدی و دواناوەنـدی) لـە دوا ناوەندیـی هەولێـر، لە سـاڵی ١٩٦٩ تـەواو کردووە، پاشـان چووەتـە بەغـدا و لـە زانکـۆی بەغـدا- کۆلێجـی ئەدەبیـات خوێندوویەتـی، لـە سـاڵی ١٩٧٣، بەشـی کـوردی تـەواو دەکات. دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٧٣ خوێندنـی زانکـۆی تـەواو کـرد و گەڕایـەوە هەولێـر، لـەو سـاڵانەدا لـە چاپخانـەی (برایـم)، لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی خـۆی، خەریکـی گەڵاڵەکردنـی ڕەوتێکـی نوێـی ئەدەبـی بـوون، کـە چاوەڕوان دەکرا زۆر سـوود

بە بزاڤی ڕۆشنبیریی شارەکە بگەیەنێ و کاریگەری بەسەر بارودۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە هەبێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤، بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەعس، ئەو گرووپە پەرتوبڵاو بوون، ئەوە بوو هەندێکیان ڕوویان کردە شاخ و چوونە ناو شۆڕش، دواجار ئەندامانی ئەو گرووپە هەموویان بوونە ناوی درەوشاوە و ناسراو لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیدا. دوای دامەزراندنی بە چەند ساڵێک، خزمەتەکەی خۆی بۆ (ئەمینداریتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان) گواستەوە، ماوەیەک ئەندامی لیژنەی یارمەتیدان و چاپکردنی کتێب، دواتر لە لیژنەی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیریی جەماوەر بوو، کە لیژنەکە بریتی بوون لە (ناسر یووسف، مەدحەت بێخەو، یەحیا مەرجان، عەبدولغەنی عەلی یەحیا و حوسام داوود خدر تاد...)، پاشان لەو بەڕێوەبەریتییەوە خۆی بۆ شارەوانی هەولێر گوێزایەوە و لەوێ بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر، هەر لەوێش بوو کە زەمالەی خوێندنی بۆ دەرچوو و چووە فەرەنسا. دوای فێربوونی زمانی فەرەنسی، سەرەتا زمان و کولتووری فەرەنسی لە پەیمانگەی (کافیلام)، لە شاری (فیش) خوێند، دواتر چووە پاریس لە زانکۆی (سۆربۆن)، لە ساڵی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ دبلۆمی میتریزی باڵای لە بواری توێژینەوەی ئێرانی وەرگرت و دیبلۆمی لێکۆڵینەوەی ورد (D.E.A) ی لە زانکۆی سۆربۆن بەناوی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ژووروو، لە ماوەی ساڵی ١٨٢٠ – ١٩٢٠) بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٨٨ گەڕایەوە کوردستان و کەوتە خزمەتکردنی ئەدەبیاتی کوردی، وەک مامۆستایەکی زانکۆش ڕۆڵی خۆی گێڕا. د. عەبدوڵڵا حەدداد لە ساڵی ١٩٦٧ تا ڕۆژی کۆچی دوایی لە ٢٠٠٩/٤/١٩، خەریکی نووسین و خوێندنەوە بوو، لەو ماوەیەدا بێجگە لە تێزی دوکتۆراکەی، بەرهەمەکانی دیکەشی کە گەیاندیانە قۆناغی وەرگرتنی تێزی دوکتۆراکەی، وەک ئاگادارم زۆر لێکۆڵینەوەی دیکەی نووسی، لەوانە توێژینەوەیەک سەبارەت بە شیعر و شاعیرایەتی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی). کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی چاپ کراون، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرجەمی نووسینەکانی کە بە عەرەبی و کوردی نووسیونی، لەگەڵ دەستنووسەکانی، لە دووتوێی بۆکسێکدا چاپ بکرێن.




(٢) دوای چوونە دەرەوەی، ئەم نامەیەم، یەکەم نامە بوو کە لە ١٩٨٨/١/٢٥ بۆمی بنووسی، دوای ئەوەی چەند ساڵێک بوو ڕووی لە فەرەنسا کردبوو، هۆیەکەشی وەک خۆی ڕوونی کردووەتەوە، ئەوە بوو نە ئەو ناوونیشانی منی دەزانی و نە منیش ناوونیشانەکەیم دەزانی، دوای ئەوەی لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە ناوونیشانەکەی خۆی بۆ ناردم، کە یەکێکیان (محەمەدئەمین پێنجوێنی)یە، ئەو نامەیەم بۆی نووسی.

(٣) محەمەدئەمین پێنجوێنی: محەمەدئەمین ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٤ لە شاری پێنجوێن لەدایک بووە، زیاتر وەک کەسێکی سیاسەتکار خۆی ناساندووە و کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٥٨وە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و پەیوەندی بە حزبی شیوعی عیراقییەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە کادیری ئەو حزبە. لە ساڵانی دواتر کەوتووەتە بەرەی قیادەی

مەرکـەزی – جەماعەتـی عەزیـز ئەلحاج، دوایـی کـە لێـی جیابووەتـەوە وەک کەسـێکی سـەربەخۆ خـۆی ناسـاند. کۆمەڵێـک پلەوپۆسـتی وەرگرتـووە لەوانـە: نووسـەر- موحەریـر لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری، ئەندامـی ئەنجوومەنـی یاسـادانان لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی جەمـاوەر لـە سـلێمانی، ئەندامـی پەرلەمانـی عێـراق، کارمەنـد لـە گۆڤـاری کاروان لـە هەولێـر، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٩١ بـەدواوە چـووە پـاڵ حزبێکـی باکـوور. سـاڵی ١٩٩٣ چووەتـە ئەورووپـا، لـەوێ کردوویانـە بـە ئەندامـی پەرلەمانـی لـە مەنفـا. سـاڵی ١٩٩٨ بووەتـە ئەندامـی کۆنگـرەی نەتەوەیی کوردسـتان، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ـەوە گەڕاوەتـەوە سـلێمانی. چەنـد کتێب و نامیلەکەیەکـی چاپکـردووە، لەوانـە (ڕەش و سـپی)، کۆکراوەی گۆشـەکەیەکی کـە بـەو نـاوەوە لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری)دا بـڵاوی کردبوونـەوە، هەروەهـا کۆشـیعر و بیرەوەرییەکانـی خۆشـی بڵاوکردووەتـەوە.

(٤) نووسـیویەتی: (لەمـاوەی ئـەم پێنـج سـاڵەدا هەرچەندیـش چـوار جـار سـەرم لـە وڵات داوە، بۆمـان نەڕەخسـاوە یەکتـر ببینیـن)، هۆکارێکـی سـەرەکی ئـەم یەکتـر نەبینینـە هـەر ئـەوە بـوو، مـن لـە سـلێمانی بـووم و ئەویـش دەهاتـەوە هەولێـر، ئەوسـاکەش وەک ئەمـڕۆ هۆیەلـی پێوەنـدی بەیەکەوەکـردن نەبـوو، واتـە بـە ئاسـانی نەماندەتوانـی ئـاگاداری یەکتـری بیـن و قسـە لەگـەڵ یەکـدی بکەیـن، منیـش بەهـۆی فیرارییـەوە زۆر کـەم سـەردانی هەولێـرم دەکـرد.

(٥) بیرمـە لـە نامەکـەی خۆمـدا بـۆم نووسـیبوو ئـەو وتارانـەی لـە بەشـە عەرەبییەکـەی گۆڤـاری (کاروان)دا بـڵاوی کردنـەوە، زۆر ورد و جـوان بـوون، زانیـاری نوێیـان لـە بـارەی (نالی)یـەوە تێـدا بـوو.

(٦) شـێخ نووریـی شـێخ سـاڵح: شـاعیری نوێگـەر و پێشـەنگی شـیعری نوێـی کـوردی، سـاڵی ١٨٩٦ لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە، خوێندنـی لـە حوجـرە و قوتابخانەکانـی ئـەو سـەردەمەدا تـەواو کـردووە.

لـە هـەردوو ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کوردسـتان) و (بانگـی کوردسـتان) ڕۆژنامەنـووس بـووە. زمانـی عەرەبـی و فارسـی و تورکـی بـە باشـی زانیـوە. زۆر لـە شـێخ مەحمـوودی حەفیـد نزیـک بـووە، بۆیـە بێجگـە لـەوەی کردوویەتـی بـە بەرپرسـی ڕۆژنامـەی (ڕۆژی کوردسـتان)، کـە زمانحاڵـی حکوومەتەکـەی بـووە، هەروەهـا لـەلای خـۆی یـاوەری شـاهانەش بـووە. شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس و نووسـەر و ڕەخنەگریـش بـووە، یەکـەم کەسـە کـە لـە ڕیگـەی ڕەخنـە تیۆرییەکانییـەوە، کـە بـە (٢٥) ئەڵقـە لـە ڕۆژنامـەی (ژیـان)دا بـڵاوی کردنـەوە، تەنزیراتـی بـۆ شـیعری نوێ و ئەدەبیاتـی کـوردی کـردووە، لـە ١٩٥٨/١٢/٢٠ کۆچـی دوایـی کـردووە.

(٧) هـەرواش بـوو، کـە بـە یەکجـاری گەڕایـەوە هەولێـر، دانەیەکـم لـە بەشـی یەکـەم – بەرگـی یەکەمـی کتێبـی (دیوانـی شـێخ نووریـی شـێخ سـاڵح) پێشـکەش کـرد، بەشـی دووەمەکەشـی کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ دەرچـوو، ئەوکاتـە خـۆی لـە هەولێـر بـوو، دانەیەکـی لـەو بەشـی دووەم – بەرگـی یەکەمـەش بەدەسـتهێنابوو.

(٨) دوکتـۆر مـارف خەزنـەدار: نـاوی تـەواوی مـارف عەبدولقـادر مـارف ئەحمـەد ئاغـا ڕەسـووڵ ئاغـای خەزنـەدارە. بنەماڵەکەیـان بـە ڕەچەڵـەک سـلێمانی -ن و لـە یەکەمیـن جەنگـی جیهانیـدا هاتوونەتـە هەولێـر. لـە ١٩٣٠/١١/١ لـە شـاری هەولێـر لـە دایـک بـووە، قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە هەولێـر، دواناوەندیشـی لـە کەرکـووک خوێنـدووە و تـەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٥٢ دەبێتـە مامۆسـتای سـەرەتایی، پـاش ماوەیـەک لـە پـەروەردەی هەولێـر دەبێتـە (کاتـب). لـە سـاڵی ١٩٥٧ بەشـی زمانـی عەرەبـی، لـە کۆلێجـی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە و بووەتـە مامۆسـتای زمانـی عەرەبی.سـاڵی ١٩٦٠، لـە ڕێگـەی (البعثـة العلمیـة العراقیـة)وە بـۆ

خوێنـدن دەچێتـە مۆسـکۆ، دوای ئـەوەی (٩) مانـگ لـەوێ دەمێنێتـەوە، دواتـر دەچێتـە شـاری (سـانت پترسـبۆرگ) و لـە بەشـی لێکۆڵینـەوەی کـوردی، لـە پەیمانگـەی لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهەڵاتیـی سـەر بـە ئەکادیمیـای زانستیی سـۆڤیەت دەسـت بـە خوێنـدن دەکات، لـە سـاڵی ١٩٦٣ تـا سـاڵی ١٩٦٨، بڕوانامـەی دوکتـۆرا بـە دەسـت دەهێنـێ، کـە دەگەڕێتـەوە دەبێتـە مامۆسـتای زانکـۆی بەغـدا، سـاڵی ١٩٧٣ بووەتـە (یاریـدەری مامۆسـتا — استاذ مساعد)، هـەر لـەو ساڵەدا بەشـی کـوردی کۆلێجـی پـەروەردەی لـە زانکۆی بەغدا دامەزرانـدووە. دوایـی بووەتـە سـەرۆکی بەشـی کوردیـی — کۆلێجـی ئادابـی ئـەو زانکۆیـە. ساڵی ١٩٨١ بەهـۆی ئـەو بەرنامەیـەی ڕژێمـی بەعس بـە نـاوی (السـلامة الفکریـة) پەیڕەویـان دەکـرد، خانەنشـین کـراوە. د. مـارف خەزنـەدار یەکـەم جـار لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ نووسـینی بڵاوکردووەتـەوە، دوایـی لـە ڕۆژنامەکانـی وەک هەولێـر، ژیـن، دەنگـی کـورد و گۆڤارەکانـی شـەفەق کـە خـۆی یەکێـک لـە هەڵسـوڕێنەر و سەرپەرشـتیارە سـەرەکییەکانی بـووە، هەروەهـا لـە گۆڤـاری هیـوا و نـەورۆز و ڕۆژی نـوێ و دەیـان ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کـوردی و عەرەبـی دیکـە بابەتەکانـی بڵاوکردووەتـەوە. لـە پـاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، مۆڵەتـی گۆڤـاری (نووسـەری کـورد)ی وەرگرتـووە و (١١) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، هەروەهـا سـەروکاری گۆڤـاری (دەفتـەری کوردەواری) کـردووە، کـە (٣) ژمـارەی لـێ دەرچـووە. لـە دەیـان نامـەی ماسـتەر و تێـزی دوکتـۆرا، وەک سەرپەرشـتیار و سـەرۆکی لیژنـەی گفتوگـۆ و ئەندامـی لیژنـە بەشـدار بـووە. ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق و جیهـان و یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد بـووە، دوای ڕاپەڕینیـش ئەندامـی کارای کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان بـووە، کـە ئێسـتا ناوەکـەی بووەتـە ئەکادیمیـای کـوردی. مـاوەی پتـر لـە ٦٠ سـاڵ خزمەتـی ئەدەبیـات و زمانـی کـوردی کـرد، نزیکـەی (٥٠) کتێبـی بـە چـاپ گەیانـد. د. مـارف خەزنـەدار خاوەنـی کتێبخانەیەکـی زۆر گـەورە و دەوڵەمەنـدە، کـە سـەرچاوەی زۆر گرنـگ و دەگمـەن و دانسـقەی تێدایـە، توێـژەر و نووسـەر و قوتابیانـی کـورد، زۆر سـوودیان لـێ وەردەگـرت. لـە ڕێکەوتـی ٢٠١٠/١٠/٢٥ بـە نەخۆشـی دڵ لـە شـاری هەولێـر، کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕستانی چـراغ بـە خاکیان سـپارد.

(٩) لێـرە کـە دەڵـێ: (عێراقـی خۆشەویسـت) و لـە جێگەیەکـی دیکەشـدا دەڵـێ: (خەریکـی خـۆ ئامادەکرانـم بـۆ گەڕانـەوە بـۆ عێـراق)، نەمزانـی ئـەو سـۆزەی بـۆ (عێراقـی خۆشەویسـت) لەبـەر چییـە، بۆچـی ناڵـێ دەگەڕێمـەوە کوردسـتان، یـان هەولێـر، ئەوەیانـم نەزانـی؟

(١٠) تێـزی دوکتۆراکـەی لـە زانکـۆی سـۆربۆن، لـە پاریـس بەنـاوی: (لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی کـوردی لـە کوردسـتانی ژووروو، لە ماوەی سـاڵی ١٨٢٠ — ١٩٢٠) وەرگرتووە.

(١١) نووسـیویەتی: (چـاوی وردیلـە (کان) مـاچ دەکـەم)، بۆیـە بەتـاک و دوایـی کردوویەتـی بـە کـۆ، چونکـە کـە ڕۆیشـت تەنیـا (١) منداڵـم هەبـوو، ئەویـش (تـەوار)ی نۆبـەرەم بـوو، بەڵام سـاڵی ١٩٨٦ منداڵـی دووەمـم، (ژیـوار) لـە دایـک بووبـوو، بۆیـە دڵنیـا نەبـووە ژمارەیـان بووەتـە چەنـد، تـا بـە تـاک، یـان بـە کـۆ بینووسـێ.